# شێوازی گوتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی
## ((قۆناغی ئامادەیی بە نموونە و ڕێزمان بە تایبەتی))

د. بابا ڕەسول نوری ڕەسول
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە
بەشی زمانی کوردی

م. ی. ئەمیر محەمەد محەمەدئەمین
زانکۆی ڕاپەڕین
فەکەلتی پەروەردەی قەلادزێ
سکوڵی زمان ـ بەشی زمانی کوردی

**پێشەکی:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (شێوازی گوتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی ـ قۆناغی ئامادەیی بە نموونە و ڕێزمان بە تایبەتی)یە. لەبەر ئەوەی وانەی زمانی کوردی لە خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان وانەیەکی سەرەکییە، پێویستە بایەخی تەواوی پێ بدرێت و لە شێوازی وانە گوتنەوەکەیدا ئاگاداربین، ڕێزمانیش گرنگترین بابەتی پرۆگرامی خوێندنە لە وانەی زمانی کوردیدا.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی لێرە و لەوێ باس لە چۆنیەتی و ڕێگاکانی وانە وتنەوە کراوە، بەڵام تاکو ئێستا بەم ناونیشان و شێوازە باس لە گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی نەکراوە، هەر بۆیە بە پێویست زانرا، کە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی لەسەر بکرێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە و کەرەسەو نموونەکانی لە دیالێکتی ناوەڕاستی کوردی وەرگیراوە.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی و چەند ئەنجامێك و لیستی سەرچاوەکان و پەختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا، باسمان لەم بابەتانە کردووە: (زمان، خوێندنەوە، نووسین، ڕێنووس، نێوان، خۆشنوسی، وانە وتنەوە، پلان دانان، کەسایەتی و کارامەیی مامۆستا، تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی فێرکردن).

لە بەشی دووەمیشدا، باسمان لەم بابەتانە کردووە: (گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەییدا، وانەی کوردی، کات و شوێنی وانە وتنەوە، هۆیەکانی وانە وتنەوە، ڕێزمان، گفتوگۆ، تێگەیشتن، ڕەگەز، فیدباك، ئەرکیماڵەوە، وانەیەکی ڕێزمان لە قۆناغی ئامادەییدا).

دەروازە:

زمانی کوردی و شێوازی گوتنەوەی لە قۆناغی ئامادەییدا دوو تەوەری سەرەکی وانە گوتنەوەن، واتە لە زمانی کوردی هۆکاری سەرەکی وانە گوتنەوەکەیە و شێوازی گوتنەوەی وانەکەش هۆکاری بە ئەنجام گەیاندنی وانەکەیە، هەر بۆیە دەبێت لە کاتی وانە گوتنەوەدا شێوازی گوتنەوەکەی لەبەرچاو بگیرێت و گرنگی پێ بدرێت تاکو خوێندکاران بتوانن بە ئاسانی لە وانەکە بگەن، ئەمەش لە ڕێگەی پلاندانان و بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردندا دەبێت، کە پێویستە مامۆستا لە کاتی وانە گوتنەوەکەیدا بۆ ئەوەی شێوازی وانە گوتنەوەکەی سەرکەوتووبێت دەبێت پلان و شێوازی هەبێت.

هەر بۆیە گرتنەبەری شێوازی وانە گوتنەوەی تەندروست لە کاتی وانە وتنەوەدا پێویستە، چونکە زمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەییدا پێویستی بە گرتنەبەری شێوازێکی تەندروستی وانە گوتنەوە هەیە بۆ نموونە دەبێت مامۆستا لە

کاتی وانەگوتنەوەدا، قوتابی بکات بە تەوەرە و مامۆستا و پرۆگرام لە خزمەت ئەو تەوەرەدا بن. ڕێگەی بەرئەنجامی و ڕێگەی هربریت (ئیستقرائی) باشترین ڕێگەن بۆ ئەم مەبەستە. هەروەها دەبێت مامۆستا هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بێت کە سەرنجی قوتابی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و وا لە قوتابی بکات کە بیری لای مامۆستا و بابەتەکە بێت . لە هەرێمی کوردستاندا خوێندن بە زمانی کوردییە[1] و زمانی کوردیش یەکێکە لەو وانانەی، کە لە قۆناغی ئامادەیی وەکو وانەیەکی سەرەکی دەخوێندرێت، ئەمەش وادەکات خوێندکار لە ڕێگەی خوێندن و نووسیندا زمانەکەی پتەو بێت و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان بێت.

## بەشی یەکەم

### ١ ـ ١: هەندێ لایەنی زمانی کوردی

#### ١ ـ ١ ـ ١: زمان: ( Language ):

زمان ڕێگەیەکە بۆ پەیوەندی لە نێوان مرۆڤدا، بەهۆی ئەو بیرەی، کە لە مێشکیدا هەیە، جا ئەم بیرە لە ڕێگەی کەرەسە زمانییەکان دەگوازێتەوە مێشکی یەکێکی تر، هەڵبەتە ئەم کەرەسە زمانیانەش هەڵگری زانیارین و پێکهاتوون لە وشە و فرەیز و ڕستە، هەر بۆیە زمانی مرۆڤ لە سیستەمێکی ئاڵۆزو تێکچرژاو پێکهاتووە.

کەواتە (زمان سیستەمێکە لە کۆمەڵێك هێمای لەسەر ڕێککەوتوو (Arbitrary Symbols) پێکهاتووە، کە کۆمەڵێك مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لەنێو خۆیاندا بەکاری دەهێنن). (شحدە فارع واخرون، ٢٠٠٣، ١١) بەم شێوەیە هەر زمانێك پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیە، بەهۆی ئەم پەیڕەوەوە لە زمانی تر جیا دەکرێت، هەر بۆ نموونە کاتێك مرۆڤێك زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) دەزانێت و قسەی پێ دەکات، ئەوا ئەو مرۆڤە سێ پەیڕەوی زمان دەزانێت، کە هەریەکەیان لەوی تر جیاوازە.

کەواتە زمانی کوردی وەکو هەموو زمانەکانی جیهانی پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم زمانە تایبەتە بە میللەتی کورد. زمانی کوردی، زمانی نەتەوەی کوردە، لەسەرانسەری خاکی وڵاتی کوردستان پێی دەدوێن و بەکاردەهێنرێت. لێرەدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کە کۆمەڵێکی مرۆڤ هەن، لەسەر خاکێك دەژین و بە زمانێکی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن، ئەویش زمانی کوردییە، کەواتە زمانی کوردی ((زمانێکی سەربەخۆیە، زار و شێوەزار و لقی هیچ زمانێکی نەتەوەی تر نییە و لە ڕووی ڕێزمانەوە زمانێکی تەواو سەربەخۆیە و یاسا و دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە)). ((ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٨،٤٠)) کەواتە زمانی کوردی سەرەڕای سەربەخۆیی خۆی، کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە کە جیاوازە لە زمانەکانی تر و یاسا و ڕێسای ڕێزمانی تایبەت بەخۆشی هەیە.

#### ١ ـ ٢: خوێندنەوە ( Reading ):

کاتێك مرۆڤ لە ژینگەیەکدا فێری زمانێکی دیاریکراو دەبێت، لەپێناو بەهێزکردنی هزرو خەیاڵیدا پێویستی بە خوێندنەوە دەبێت، کە ئەمەش بە قۆناغی دووەم دوای فێربوونی زمان دادەنرێت، کە ئەم قۆناغەش دەکرێت لە شوێنی فێرکردندا فێری ببێت، هەر بۆیە ((خوێندنەوە بریتییە لە گواستنەوەی زەین و هۆش لەو ئێسك و پیتانەی کە دەکەونە بەرچاو بۆ ئەو دەنگانەی کە دەیاننوێنن)). (حەمە کەریم هەورامی: ٢٠٠٥، ٥) کەواتە زمان لە ڕێگەی کۆمەڵێك هێماوە دەنوێنرێت، دەکرێت لە ڕێگەی ئەو هێمایانەوە چەمکی زمانەکە بۆ کەناڵی تر بگوازێتەوە.

---

[1] - هەر بۆیە خوێندکار، گەر زمانی کوردی بە باشی بتوانێت بخوێنێت و بنووسێت، دەتوانێت نمرەی زیاتر هەم لە وانەی کوردی و هەم لە وانەکانی تر لە کاتی تاقیکردنەوەدا بەدەست بهێنێت، چونکە بۆ وانەکانی تریش پێویستی بە زمانی کوردی دەبێت.

هەر بۆیە لە قوتابخانە و خوێندنگاکاندا خوێندنەوە ڕۆڵی سەرەکی لە فێربوونی قوتابی و خوێندکارەکاندا دەبینێت، چونکە هەر لە ڕێگەی خوێندنەوە قوتابی هێماکانی زمان فێر دەبێت، بەهۆی خوێندنەوەش خوێندکار زانست و زانیاری زیاتر دەست دەکەوێت و هزرو بیری فرەوان دەبێت و متمانەی بەخۆی دەبێت.

واتە بەیەك گەیاندنی دەنگ و هێماکان لە ڕێگەی خوێندنەوە دەستەبەر دەبێت و بەرامبەر یەکتر دەوەستن، کە خوێندکار فێر دەبێت دەنگی / پ / بەرامبەر هێما (وێنەی دەنگی) / پ /. لەوکاتەدا قوتابی یەکسەر وێنەی دەنگەکە وێنا دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی خوێندنەوە دوو جۆری هەیە:

**١ ـ ٢ ـ ١: خوێندنەوەی بە دەنگ**

**١ ـ ٢ ـ ٢: خوێندنەوەی بێ دەنگ ( بەچاو )**

### ١ ـ ٢ ـ ١: خوێندنەوەی بە دەنگ:

لێرەدا خوێنەر بە دەنگێکی بەرز هێما زمانییەکان دەخوێنێتەوە، کە خۆی و گوێگرانی دەوروبەری بەخوێندنەوەکەی ئاشنا دەبن. کە بەم شێوەیە پێناسەی کراوە ((خوێندنەوەی دەنگدار ئەوەیە بە دەنگێکی بەرزی بیستراو کرك[1] بە پیتەکان و ووشەکان و ڕستەکان بکات بە کارێکی وەها دەربڕینی دەنگەکان بەڕێکی لە گوێ ی گوێگرا هەست بکرێن)). (حەمە کەریم هەورامی: ٢٠١١، ١١٦). لێرەدا قوتابی و خوێندکار سوودمەندی یەکەمن لە کاتی خوێندنەوەدا چونکە بەچاو سەیری پیت و وشە و ڕستەکان دەکات و دەیانناسێت و بەدەم وشەکان دەردەبڕێت دەم و لێو و زمان و ددانەکان و سەرجەم ئەندامانی ئاخاوتن لە گۆکردنی پیت و وشە و ڕستەکان ڕادێن و فێریان دەبن و گوێیەکان ئاشنا دەبن بە پیتی ئەم هێما زمانیانە و لەهەمان کاتیشدا دەیان گوێزنەوە بۆ مێشك و لە یادگە ئەم هێما زمانیانە چەسپ دەبن، سەرەڕای ئەمەش خوێندنەوەی بە دەنگ سوود دەگەیەنێت بە گوێگران، لەلایەك خوێنەر لە هەڵە خوێندنەوە ئاگادار دەکاتەوە و لەلایەکی تر گوێگر خۆی ئاشنا دەبێت بەم هێما زمانیانەی کە خوێنەر بەڕاستی دەیخوێنێتەوە. هەروەها سودی بۆ لایەنی خاڵبەندیش هەیە.

### ١ ـ ٢ ـ ٢: خوێندنەوەی بێ دەنگ ( بەچاو ):

زۆرجار لەجیاتی خوێندنەوەی بە دەنگ، خوێندنەوەی بە چاو بەکار دەهێنرێت ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەچاو سەرنج لە وشەکان دەدرێت و دەم و لێو بەکار ناهێنرێت، کەواتە ((خوێندنەوەی بێ دەنگ بریتییە لە خوێندنەوەی پیت و ووشەکان بەبێ ئەوەی خوێنەر دەم و لێوی ببزوێنی)). (حەمە کەریم هەورامی: ٢٠١١، ١١٧). لێرەدا دەکرێت مامۆستا ڕێنمایی خوێندکار و قوتابییانی بکات لە خوێندنەوەی بێ دەنگدا، کە نابێت دەنگ لە دەمتان بێتە دەرەوە و دەنگە دەنگ دروست بێت، بەم شێوەیە مامۆستا دەتوانێت هەموو قوتابییەکان لەیەك کاتدا بەشداری خوێندنەوە بکات و بابەتێك بخوێنەوە و سوودی لێ وەرگرن.

هەروەها دەتوانێت چاوەکانی خوێندکارەکان بە پیت و وشە و ڕستەکان ئاشنا بکات و لە هەمان کاتیشدا واتایەك لە خوێندنەوەکە وەربگرین، بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ قۆناغی ئامادەیی سوودی زۆر هەیە، چونکە لەم قۆناغە تێگەیشتن و واتا بۆ قوتابی و خوێندکار زۆر گرنگە.

---

[1] - کرك: لفظ.

دواتر مامۆستا دەتوانێت پرسیار لە قوتابییەکان بکات، ها تۆ چیت خوێندنەوە و چی لێ تێگەیشتی؟ بۆمان باس بکە، لێرەدا خوێندکار لە کاتی باسکردنی بابەتەکە بۆ مامۆستا و هاوپۆلەکانی زیاتر متمانە و بڕوای بەخۆ دەبێت و شەرم و دڵەڕاوکێ لای نامێنێت.

## ١ ـ ٣: نووسین Writing:

دیارە هەر تەنها خوێندنەوە، بەس نییە بۆ فێربوون و بەهێزکردنی خوێنەر (قوتابی و خوێندکار)، بەڵکو نووسینیش شان بەشانی خوێندنەوە دەبێتە یەکەیەکی تەواوکەر بۆ بەهێزبوون و فێربوونی قوتابی و خوێندکار، چونکە زمان خۆی یەکەیەکی سەربەخۆیە، کاتێك و قوتابی و خوێندکار خوێندنەوە و نووسینی زمانێك فێر دەبن لە پرۆسەی پەروەردەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە توانای هزرو بیرکردنەوەکان بەهێز بێت. هەر بۆیە ((نووسین کردەوەیەکی هەستییە)). (حەمە کەریم هەورامی: ٢٠١١، ١٨) یان نووسین پرۆسەیەکی هزری و جوولەییە. واتە خوێندکار لەکاتی نووسیندا هەستەکانی وەك بینین و جولاندنی ئەندامەکان بەکاردەهێنێت، وەك بینینی پیت و وشەکان، بەکارهێنانی ئەندامانی ئاخاوتن و جولاندنی پەنجە و دەست.

هەر بۆیە فۆن[1](دەنگ) لە قۆناغی نووسیندا پێی دەگوترێت فۆنیم[2](وێنەی دەنگی)، کەواتە لەکاتی نووسینی وێنەی دەنگی دەبێت بایەخ بەم لایەنانە بدرێت:

### ١ ـ ٣ ـ ١: ڕێنووس: Dictation:

یەکێك لەم پێناسانەی کە بۆ ڕێنووس کراوە، دەڵێت: ((ڕاست نووسینی ئەو پیت و وشانەیە کە ڕستەیان لێ دروست دەبێ، بەبێ ئەوەی پیتێك یان وشەیەك پێش و پاش کرابێ...)). (حەمە کەریم هەورامی و ئەوانی تر: ٢٠٠٥، ٢٣) واتە هەر زمانێك کاتێك دەنووسرێت، دەبێت مافی خۆی بە پێی سیستەمی ئەو زمانە لە کاتی نووسیندا وەرگرێت، نابێت فۆنیمێکی لێ کەم بکرێت یاخود زیاد بکرێت، یانیش نابێت وشەیەك لە ڕستەدا پاش و پێش بکرێت چونکە دەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی زمانەکە و بەهەڵەبوونی زمانەکە. بۆ نموونە کاتێك خوێندکار و قوتابی فێری فۆنیمەکانی زمانێك دەکرێن، دەبێت فێری ئەوەش بکرێن کە ئەو فۆنیمانە لە شوێنی خۆیاندا بە ڕاستی و دروستی بەکاربهێنن، چونکە ئەو فۆنیمانە بوونەتە هۆی دروست کردنی زمانەکە و گەیاندنی واتای دروست، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا فۆنیمی / ر / لاواز جیاوازە لەگەڵ فۆنیمی / ڕ / قەڵەو، هەروەکو لە هەردوو وشەی (کەر، کەڕ) بەدیار دەکەوێت و واتا دەگۆڕن، یاخود لە زمانی کوردیدا (ڕ) قەڵەو لە سەرەتای وشەدا دێت، دەبێت بە قەڵەوی بنووسرێت، بۆ نموونە وشەی (ڕوودا) نابێت بنووسرێت (روودا)، لەبەر ئەوە مامۆستا دەبێت لە کاتی فێرکردنی خوێندکار و قوتابی جیاوازییەکانیان بۆ بخاتە ڕوو، گەرنا دواتر ناتوانن جیاوازی لە نێوانیاندا بکەن و زمانەکە بەرەو شێواندن دەبەن، لەبەر ئەوە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی ئەوەیە، چۆن دەنووسرێت ئاواش دەخوێنرێتەوە، کە دەبینین لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی هەیە، چونکە زمانی ئینگلیزی لەزۆر باراندا چۆن دەنووسرێت ئاوا ناخوێنرێتەوە، بۆ نموونە Knife (چەقۆ) پیتی یەکەمی (K)یە ناخوێنرێتەوە. هەر بۆیە پێویستە خوێندکار و قوتابی هەر لەسەرەتاوە ڕێنووسێکی ڕاستیان فێربکرێت.

---

[1]- فۆن: ((یەکەی بەکارهێنراوە لە زماندا)) (کۆمەڵێك زمانەوان: ٢٠٠٩، ١٦٩).

[2]- ((گچکەترین یەکەی واتا ـ جیاکەرەوەی پێڕەوی زمانێکە)). (هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە).

**١ ـ ٣ ـ ٢: نێوان Juncture:**

نێوان لایەنێکی ترە لە نووسیندا، کە پێویستە بایەخی پێبدرێت. دەبێت مامۆستا کاتێك وانە لەسەر تەختە دەنووسێتەوە، نێوان Juncture لە نێوان وشەکاندا بکات و بۆ خوێندکاران ڕوون بکاتەوە، کە چەندە گرنگە لە زماندا هەر بۆیە ((نێوان زاراوەیێکە لە دەنگسازیدا بۆ دیاریکردنی سنوری یەکە ڕێزمانیەکانی وەکو مۆرفیم، وشە و لاڕستە بەکاردێ)). (عەبدولوەهاب خالید موسا: ٢٠٠٩، ٣٢ ـ ٣٣) کەواتە مامۆستا لە کاتی وتنەوەی وانەدا بۆ خوێندکاران دەبێت ڕۆڵی (نێوان) لە گەیاندنی واتادا ڕوون بکات، چونکە ئەم نێوانە، ڕۆڵی سەرەکی لە زمانی کوردیدا دەبینێت بۆ گەیاندنی واتا. بۆ نموونە:

ـ مامۆستای وانە هاتووە. (مامۆستای وانەی زمانی کوردی هاتووە)

ـ مامۆستای وا نەهاتووە. (مامۆستایەکی ئەوتۆ نەهاتووە)

یاخود

ـ کوڕ ە مەلا هات. (کوڕی مەلا هات)

ـ کوڕە مەلا هات. (کوڕە ئاگاداربە مەلا هات)

دەبینین لەم ڕستانەدا، نێوان Juncture کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردنی واتا کردووە، کە لێرەدا توانراوە بەهۆی (نێوان) واتاکانی ئەم ڕستانە لەیەکتر جیابکرێتەوە، بۆیە قوتابی و خوێندکار بەتایبەتی لە قۆناغی ئامادەییدا دەبێت فێربکرێن لە نێوان هەر یەکەیەکی ڕێزمانیدا (مۆرفیم و وشە و لاڕستە) نێوان و بۆشایی لە نێوانیان وا هەبێت، بۆ ئەوەی واتاکان تێکەڵی یەکتر نەبن و بەجوانی خوێنەر لێیان تێ بگات، ئەمەش وا دەکات، کە سنووری هەر یەکە ڕێزمانییەکان بە تەواوی بناسرێنەوە. هەر بۆیەشە پێویستە پێشناوەکانی وەکو (لە، بە، بۆ، وەك، تا، بێ)ی زمانی کوردی بە بەسەربەخۆیی لەکاتی نووسیندا بنووسرێت و تێکەڵ بە وشەی تر نەکرێن، چونکە ئەم پێشناوانەش وشەی سەربەخۆی زمانی کوردین و دەبێت سنوریان دیاریکراوبێت. بۆ نموونە: (دەست لەکارکێشانەوە، گیان لە دەستدان، بێ تۆ... هتد). بەم شێوەیە جێ بەجێ کردنی نێوان لە کاتی نووسیندا دوو لایەنی گرنگ بۆ زمان جێ بەجێ دەکات، ئەوانیش لایەنی ڕۆنان، کە لەکاتی شیکاری ڕێزمانیدا بە ئاسانی دەگەینە ئەنجامەکان، لایەنەکەی تریش لایەنی واتایە کە بە ئاسانی لە واتاکانی یەکە ڕێزمانییەکان دەگەین.

**١ ـ ٣ ـ ٣: خۆشنووسی:**

خۆشنووسی ڕوویێکی ترە لە نووسین، کە پێویستە مامۆستا بایەخی پێبدات و بۆ قوتابی و خوێندکارەکانی ڕوون بکاتەوە، چونکە لە ڕێگەی جواننووسی و ڕێکنووسیدا، هەم خوێندکارەکان جوانتر لە بابەتەکە دەگەن و چێژی زیاتر وەردەگرن، هەم مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوەو تاقیکردنەوەکاندا کەمتر ماندوو دەبێت و بە ئاسانی لە دەست خەتی قوتابییەکانی دەگات، بگرە خوێندکار لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت لەزەتی زیاتر بەدەست بهێنێت، خۆشنووسی بریتییە لە خۆشنووسینی پیت و وشەکان بە گوێرەی یاسا و دەستوورێکی تایبەتی. (حەمە کەریم هەورامی: ١٩٧٠، ٦) کەواتە خۆشنووسی فۆنیمەکان هەر لەسەرەتاوە دەبێت بە پێی یاساو دەستووری خۆشنووسی فێربکرێت و بنووسرێت، تاکو شێوەی نووسینی فۆنیم و وشەکان بەشێوەیەکی جوان و ڕێك دەربکەون. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ((خەت)) بەشێکە لە هونەرە جوانەکانی کردەی دەست. (حەمە کەریم هەورامی و ئەوانی تر: ٢٠٠٥، ٣٤). واتە خۆشنووسی لە ئەنجامی بەکارهێنانی هەستەکانی مرۆڤەوە، لە ڕێگەی کردەی دەستی وەکو هونەرێك بە ئاکام دەگات ئەمەش بە سەلیقە و لێهاتوویی کەسی خۆشنووسەوە دەبێت، کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هونەرە جوانەکان باشترین شتن بۆ پەروەردە کردنی هەستی قوتابی... ئەم هونەرانەش وێنەکردن و مۆسیقا و نواندن

و کارەکانی دەست دەگرێتەوە. (حەمە ساڵح فەرهادی: ٢٠٠٦، ٩٥). واتە پێویستە خوێندکار لە قۆناغی ئامادەییدا بەهونەری خەتخۆشی ئاشنابکرێت و یاساو ڕێساکانی بۆ ڕوونبکرێتەوە، چونکە قوتابی و خوێندکار لەم قۆناغەی خوێندندا حەز بەم بابەتە هونەرییانە دەکەن، ئەویش بەهۆی دروستبوونی ئارەزوویان لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لەم قۆناغەدا حەز دەکەن شتێك بزانن و فێربن، کە هاوپۆلەکانی وەکو ئەو نازانن ئەمەش زیاتر بۆ خۆ دەرخستنی قوتابییەکەیە. لەبەر ئەوە قۆناغی ئامادەیی قۆناغێکی لەبارە بۆ پەروەردەکردنی هەستی قوتابی بەکاری هونەرە جوانەکان. شارەزایانی بواری پەروەردە پێیان وایە لەبەر ئەوەی خۆشنووسی هونەرە، ناکرێت لە قۆناغی بنەڕەتیدا بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخی پێبدرێت.

### ١ ـ ٤: وانە وتنەوە ( التدريس ) Teaching:

وانە وتنەوە بە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت، کە تیایدا مامۆستا و خوێندکار (قوتابی) بوونیان هەیە. وانەوتنەوە پرۆسەی بە یەکگەیشتنی مامۆستا و خوێندکارە، واتە گواستنەوەیە لە دۆخێکی ژێرییەوە بۆ دۆخێکی ژیری تر، بەمەش خوێندکار گەشە دەکات، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕووداوی فێرکردن و فێربوون کە کاریگەریان لەسەر هەیە، وانە وتنەوە سیستەمێکی خودی تاکە کەسی پیشەییە. (علی اکبر سیف: ١٣٨٣، ٢). هەر بۆیە بەم شێوازە پێناسەی وانە وتنەوە کراوە، کە ((هەر چالاکیەك کە وانەبێژ ـ مامۆستا ـ پلانی بۆ دابنێت و جێبەجێی بکات بە مەبەستی فێرکردنی قوتابی، یاخود بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە ڕەفتاریدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو)). (جواد نیعمەت: ٢٠١٣، ٣) واتە لێرەدا (مامۆستا و قوتابی و بابەت) لە کاتی وانە وتنەوەدا سێ تەوەری سەرەکی وانەکە پێکدەهێنن، ئامادە نەبوونی هەر یەك لەم سێ تەورانە ئامانجی وانە وتنەوەکە ناهێنێتە دی، هەر بۆیە ئامادەبوونی مامۆستا چەندە گرنگە، ئامادەبوونی قوتابی و بابەتی وانەکە لەو گرنگترن و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

لەسەرێکی ترەوە، شێوازی وانە وتنەوە، کە پەیوەندی بە خوودی کەسێتی مامۆستاوە هەیە، لە چۆنیەتی وتنەوە و گەیاندنی وانەکەی بە فێرخوازەکانی، زۆر گرنگە ڕەچاوبکرێت. چونکە شێوازی وانە وتنەوە بریتییە لە چۆنیەتی خستنەڕووی بابەتی فێرکاری بە ڕێگەی گونجاو، هەر بۆیە مامۆستایەك لە مامۆستایەکی دیکە جیاوازترە (سۆلاڤ فائق شەمەیی: ٢٠٠٩، ٤٨).

سەرەڕای ئەمانە، کە لەوانە وتنەوەدا پێویستن، دەبێت مامۆستا بەرنامە و پلانی خۆی هەبێت و قوتابی لە ئامادەباشی دابێت بۆ وەرگرتنی بابەتەکە و بابەتەکەشی دەبێت بە پێی پلان بۆ وەرگرتنی بابەتەکە و بابەتەکەشی دەبێت بەپێی پلان بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن دانرابێت، هەر بۆیە بە پێویست، دەزانرێت باس لە پلان و کارامەیی مامۆستا و تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی فێرکردن وەکو تەواوکەرێك بۆ گوتنەوەی وانەیەکی نموونەیی بکرێت:

#### ١ ـ ٤ ـ ١: پلاندانان:

پلاندانان بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی وانە وتنەوە دادەنرێت، کە دەبێت مامۆستا بەر لە وانە گوتنەوەکەی پلانێکی ئامادەکراوی هەبێت، کە چۆن ئەم وانەیە دەڵێتەوە، هەر بۆیە وانەیەکی نموونەیی بەبێ پلانێکی تۆکمە نایەتدی، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر پلان لە وانەوتنەوەدا پەیرەو دەکرێت:

##### ١ ـ ٤ ـ ١ ـ ١: پلانی ساڵانە ( درێژخایەن )

##### ١ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢: پلانی ڕۆژانە ( کورت خایەن )

**١ ـ ٤ ـ ١ ـ ١: پلانی ساڵانە:**

دەبێت مامۆستا بۆ ساڵی خوێندن پلانێکی ساڵانەی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بێ کێشە و گرفت، بە درێژایی ئەو ساڵە سەرکەوتووبێت، هەر بۆیە پلانی ساڵانە پەیوەستە بەڕێکخستنی بابەتی خوێندن و بەشەکانی بە دابەشکردنی هەموو ئەو بەشانەی ناو بابەتەکەوە بەندە کە بەسەر مانگەکانی ساڵی خوێندندا دابەش دەکرێت. (زنون یونس شمس الدین و ئەوانی تر: ؟ ، ١٣) واتە مامۆستای پسپۆڕ ماددەکەی خۆی، کە لەچەند بابەتێك پێکهاتووە، بە لەبەرچاوگرتنی پشوو ئاهەنگەو گەشت و بۆنەکان دابەشی سەر مانگەکانی ساڵی خوێندن دەکات، دواتر هەر مانگەی چەند بابەتی بەرکەوت دابەشی سەر هەفتە و ڕۆژەکان دەکات، بەم شێوەیە بۆی بەدیار دەکەوێت، کە لە چ ڕۆژێك چ بابەتێك دەخوێندرێت، بەم شێوەیە دەتوانێت بەسەر بابەتەکان زاڵ بێت و لەکات و ساتی خۆیدا پرۆگرامەکەی تەواو بکات.

**١ ـ ٤ ـ ١ ـ ٢: پلانی ڕۆژانە:**

مامۆستا دەبێت ڕۆژانە پلانی هەبێت، تاکو بتوانێت ئەو بابەتەی، کە ئەو ڕۆژە دەیەوێت بیخوێنێت، لە کاتی دیاریکراودا بێ گرفت تەواوی بکات.

مەبەست لە پلانی ڕۆژانە ((ئەو کردارەش بە دابەش کردنی بەشەکانی بابەت و ناوەڕۆکەکانی بەسەر ڕۆژانی هەفتە دابەش دەکرێت، واتە پلانی ڕۆژانە وانە گوتنەوە بۆ هەریەك لە بەشە دیاریکراوەکانی ناو بابەتەکانی دادەنرێت)). (زنون یونس شمس الدین و ئەوانی تر: ؟ ، ١٣) کەواتە مامۆستا دەبێت لەکاتی وانە وتنەوەی ڕۆژانەدا، کاتی وانەکە لەبەرچاو بگرێت و بەشێوەیەکی ورد و هاوسەنگ کاتەکە بەسەر بڕگەکانی بابەتەکە دابەش بکات.

**١ ـ ٤ ـ ٢: کەسایەتی و کارامەیی مامۆستا:**

کەسایەتی و کارامەیی دوو لایەنی گرنگن، کە دەبێت لە مامۆستادا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە وانە وتنەوەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، چونکە مامۆستا لەناو پۆلدا لەبەرامبەر ژمارەیەك خوێندکار و قوتابییدایە، ئەوانیش لە پلەی جۆراوجۆری عەقلی و زیرەکیدان.

هەر بۆیە ((کەسایەتی مامۆستا لە خووڕەوشت و ڕادەی زانیاری و ڕۆشنبیری و تەندروستی و شێوە و هەڵسوکەوتی و بیرو بۆچوونی گفتوگۆو قسەکردنی و سۆز و خۆشەویستی و کۆمەڵ سیفاتێکی دیکەوە بەدیار دەکەوێ)). (حەمە ساڵح فەرهادی: ٢٠٠٦، ٥٩) کەواتە ئەم سیفاتانە و ڕێك پۆشی لە جل و بەرگ وا لە مامۆستا دەکات لەلای خوێندکارەکانی کەسایەتییەکی بەهێزی بۆ دروست بێت و بتوانێت بەسەر وانەکەیدا زاڵ بێت و قوتابیانیش وانەکەیان لا خۆشەویست بێت. لەلایەکی ترەوە کارامەیی و شارەزایی مامۆستا لەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە لایەنێکی ترە لە سەرکەوتنی مامۆستا چونکە پرۆسەی فێرکردن پرۆسەیەکی تێکچڕاو ئاڵۆزە دەبێت بەوریاییەوە کاری لەگەڵدا بکرێت، مامۆستای کارامە لەوانە وتنەوەدا دەبێت کارامە و لێهاتوو بێت و شارەزایی لە بابەتەکان و توانای لە نووسین و ئامادەکردنی یەکەکانی خوێندن هەبێت و گشت ئەرك و چالاکییەکانی بە پێی پلانی داڕێژراو ئەنجام بدات. (زنون یونس شمس الدین و ئەوانی تر: ؟ ، ٦ ـ ٧) واتە مامۆستای لێهاتوو دەبێت توانای گفتوگۆو دیالۆگی لەگەڵ قوتابی و خوێندکاراندا هەبێت و شارەزایی تەواوی لە بەکارهێنانی ئامێر و هۆیەکانی فێرکردندا هەبێت، ئاگای لەبەرەوپێشچوون و گۆڕانکارییەکانی پرۆسەی فێرکردندا هەبێت. هەروەها پێویستە لە ڕووی فسیۆلۆجییەوە زمان و گۆکردنی تەواو بێت و نەخۆشییەکانی گوتنی نەبێت.

### ١ ـ ٤ ـ ٣: تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی فێرکردن Technology and Instructional Aids:

تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی فێرکردن ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی فێرکردندا دەبینن و دەبنە هۆکارێك، کە مامۆستا لە کاتی وانە وتنەوەیدا لە پۆلدا لە ڕێگەی تەکنیك و هۆکارەکانی فێرکردن خوێندکاران بە ئاسانی لەوانە کە بگەیەنێت. هەر بۆیە تەکنەلۆژیا ((شێوازێکی هونەریە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە زانستییەکان)). (جواد نیعمەت: ٢٠١٣، ٣٥) واتە دەتوانرێت لە ڕێگەی تەکنیکە هونەرییەکان قوتابییان و خوێندکاران فێری زانست و زانیاری بکەین، کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئامانجە فێرکاری و زانستییەکان بەدیبهێنرێت. شان بەشانی تەکنیکە هونەرییەکان، هۆیەکانی فێرکردن دەبێتە ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی فێرکردن، مامۆستا دەتوانێت لە کاتی وانە وتنەوەدا ئەم هۆکارە فێرکردنانە بەکاربهێنێت و هەم خوێندنکاران پێ ئاشنا بکات. هۆیەکانی فێرکردن ((بریتییە لە هەموو ئەو ئامێرو کەرەستە و هۆیانەی کە شۆرشی پیشەسازی هێناونی و لە بواری فێربوون و فێرکردن دا بەکارهێنراون)). (جواد نیعمەت: ٢٠١٣، ٣٨ ـ ٣٩) واتە هەموو ئەو ئامێر و کە بەشانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو دایهێناون و لە بوارەکانی ژیاندا بەکاردەهێنرێن، کە ئەمەش وای کردووە بواری پەروەردە و فێرکردنیش سەرجەم ئەم داهێنراوانە لەکاتی فێرکردنی قوتابی و خوێندنکار لە خوێندنگە و قوتابخانەکاندا بەکاربهێنێت، ئەو داهێنراوانەشی وەکو ڕادیو و ڤیدۆ و کۆمپیوتەر و داتاشۆ و گەلێك داهێنراوی تریش.

## بەشی دووەم

### ٣ ـ ١: گوتنەوەی وانەی کوردی لە قۆناغی ئامادەییدا

### ٣ ـ ١ ـ ١: قۆناغی ئامادەیی High School:

قۆناغی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستاندا بەم قۆناغەی خوێندن دەگوترێت، کە قوتابی و خوێندکاران لە دوای تەواوکردنی قۆناغی نۆی بنەڕەتی دەچنە قۆناغی دە و یانزە و دوانزە، کە تیایدا خوێندکار ئامادە دەکرێت بۆ قۆناغێکی تر ئەویش قۆناغی زانکۆیە یاخود پەیمانگەیە، کەواتە قۆناغی ئامادەیی دەکەوێتە نێوان قۆناغی بنەڕەتی و زانکۆیی.

جا لە قۆناغی ئامادەییدا خوێندن بە زمانی کوردی و خوێندنی ڕێزمانی کوردی، کە ئەم جۆرەی خوێندن لە خوێندنگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، دەبێتە هۆی پتەوکردنی کۆری گشتی و تایبەتی خوێندکاران چونکە لە پرۆسەیەکی تەواوکاریدا کۆدی زانستەکان کۆدە گشتییەکانی خوێندکاران پڕ دەکەن و فەرهەنگی وشەکانیان دەوڵەمەند دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستایان و خوێندکاران لەڕووی زمانییەوە کارلێك دەکەن. (ئاڤێستا کەمال مەحموود، ٢٠١٣، ٣٥) کەواتە قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەکاتی وتنەوە و خوێندنی ڕێزمانی کوردی، هەگبەی مێشکیان لەڕووی فێربوونی وشەی نوێدا فرەوان دەبێت، لە هەمان کاتیشدا لە کاتی گفتوگۆ کردندا گوتن و دەربڕینەکانیان ڕاست و ڕەوان دەبێت.

### ٣ ـ ١ ـ ٣: وانەی زمانی کوردی Kurdish Language Inductive:

وانەی زمانی کوردی وەکو ماددەیەکی سەرەکی لە قۆناغەکانی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان دەخوێندرێت، چونکە زۆربەی خەڵکەکەی زمانی کوردی، زمانی یەکەمیانە، هەر بۆیە شارەزابوون و خوێندن بەم زمانە بۆتە پێویستییەکی گرنگ، هەر لەبەر ئەمەشە وانەی زمانی کوردی شان بەشانی ماددەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و مێژووە. هتد. لە قۆناغی ئامادەییدا دەخوێندرێت و گرنگی پێدەدرێت، جا مامۆستای ماددەی زمانی کوردی لە کاتی وانە گوتنەوەی دا

دەبێت گرنگی بە ڕێگاکانی وانە وتنەوەی[1] ڕێزمانی کوردی بدات و بە پێی پلانێکی تۆکمە وانەکە بڵێیتەوە، هەر بۆیە لە کاتی وانە وتنەوەدا هەندێك لایەن هەیە کە دەبێت بەشێوەیەکی گشتی گرنگی پێبدرێت، لەوانەش:

### ٣ ـ ١ ـ ٣ ـ ١: کاتی وانە وتنەوە:

دابەشکردنی کاتی وانە وتنەوە زۆر گرنگە، چونکە مامۆستا کاتێکی دیاریکراوی لەبەر دەست دایە، تاکو وانەکەی بۆ خوێندکار و قوتابیان باس بکات، هەروەکو دەزانین کاتی وانە بۆ هەر وانەیەك لە قۆناغی ئامادەیی (٤٠) خولەکە، هەر بۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە بە پێی پلانێکی دیاریکراو، ئەم کاتە دابەش بکاتە سەر برگەکانی بابەتەکە، تاکو بتوانێت هەموو برگەکانی بابەتەکە هەقی خۆی بداتێ، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا وانەکە تەواو بکات، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی گرنگ لەسەرکەوتنی وانەکەیدا.

### ٣ ـ ١ ـ ٣ ـ ٢: شوێنی وانە وتنەوە:

دیارە لە پرۆسەی فێرکردندا شوێنێك هەیە یاخود بینایەك هەیە پێیدەگوترێت قوتابخانە یان خوێندنگە، کە تەرخانکراوە بۆ خوێندن، کە مامۆستایان و قوتابییان تێیدا کۆدەکاتەوە، بە مەبەستی خوێندنی وانەکان، هەر بۆیە شوێن لەڕووی خوێندندا زۆر گرنگە کە دەبێت ئەم شوێنە ئامادەکراو بێت بۆ خوێندن واتە لەم ژوورەدا دەبێت مێز و کورسی و تەختە سپی بەلایەنی کەمەوە هەبێت بۆ ئەوەی مامۆستایان و قوتابیان لە کاتی وانە وتنەوە و خوێندندا بەکاری بهێنن و سوودی لێ وەرگرن جا لەم ژوورە ئامادەکراوەی خوێندن دەگوترێت (پۆل) Class. بۆ نموونە دەبێت ژوورەکە پاك و خاوێن و ڕووناك بێت و ئامێرەکانی گەرمی و ساردی تێدا بێت و هۆکارەکانی فێربوون و تەکنەلۆجیاش بوونیان هەبێت.

### ٣ ـ ١ ـ ٣ ـ ٣: هۆیەکانی وانە وتنەوە:

هۆیەکانی وانە وتنەوە خاڵێکی ترن، کە لە پرۆسەی فێربوون و خوێندندا، سەرەڕای هەبوونی پۆل لە کاتی وانە وتنەوەدا بەکاردەهێنرێن چونکە ڕۆژ بەڕۆژ تەکنەلۆژیا بەرەوپێش دەچێت و داهێنانی نوێ دادەهێنرێت بۆ ژیان، پرۆسەی خوێندنیش، کە بە ژیانی مرۆڤ بەستراوەتەوە لەم داهێنانەدا بێ بەش نابێت و پێویستی پێ دەبێت، هەر بۆیە دەبێت مامۆستای وانە لەکاتی وانە وتنەوەیدا هۆیەکانی فێربوون بەکاربهێنێت، تاکو خوێندکاران بتوانن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و ئاسان لەوانەکە بگەن و پرۆسەی خوێندنیش شان بەشانی تەکنەلۆژیا بەرەو پێش بچێت.

### ٣ ـ ٣: ڕێزمان Grammar:

ڕێزمان بە بەشێکی گرنگی زمان دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمان تەنها لە ڕێزمان پێك نەهاتوو ، بەڵکو ڕێزمان وانەیەکی زمانە. داڕشتن، خوێندنەوە، ڕێنووس، بە هەموویان وانەیەکی زمان پێك دەهێنن، هەر بۆیە لەوانەی زمانی کوردیشدا ڕێزمان یەکێکە لە لقە گرنگەکانی زمانی کوردی هۆییێکە بۆ فێرکردنی دەربڕین و نووسینی ئەو زمانە.

---

[1] - لەبەر ئەوەی ڕێگاکان لەزۆر سەرچاوە باسکراوە و شتێکی نوێ نییە، بۆیە تەنیا ئاماژە بەناوی ڕێگاکان دەکەین و باسیان ناکەین، ڕێگاکانیش بریتیین لە: ١. ڕێگای وانەبێژی (طريقة المحاضرة) ٢. ڕێگای خستنەڕوو (طريقة العرض) ٣. ڕێگای دیالۆگ (پرسینەوە) (طريقة الحوار) ٤. ڕێگای گفتوگۆ (طريقة المناقشة) ٥. ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکان (طريقة حل المشكلات) ٦. ڕێگای فێرکاری بە کۆمەڵ (طريقة التعليم الفريقي) ٧ ـ ڕێگای فێرکاری بچوککراو (طريقة التعليم المصغر) ٨. شێوازی ئیستقرائی (بەرئەنجامی) ٩. شێوازی هەڵهێنجان (طريقة الاستنتاجى) ١٠. ڕێگای فێربوونی پرۆگرام کراو (Programmed Learning) ١١. ڕێگای گرووپەکان. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ١. کەریم ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٤، ٢١ ـ ٥٦. ٢. عبدالرحمن عبدالسلام جامل: ٢٠٠١).

(حەمە کەریم هەورامی و ئەوانی تر: ٢٠٠٥، ٧١) ڕێزمان زانستێکی سەربەخۆی ئاڵۆزە، پرۆگرامێکی تایبەتی و بابەتێکی ئاشکراو دیارە و هەموو بابەتەکانی لەسەر یاسا دامەزراون، ڕێزمان بریتییە لە دەستوور و سیستەم و یاساکانی زمان، زاناکانی زمان دەیاندۆزنەوە و ڕۆژانە بە کاریان دەهێنن. (سادق ئەحمەد عوسمان: ٢٠١٤ :٩٤).

ڕێزمان لە کۆندا، تەنیا ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی دەگرتەوە، بەڵام لە زمانەوانی نوێدا، بەتایبەتی لای چۆمسکی ڕێزمان (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی) دەگرێتەوە، چونکە زمان خۆی لە خۆیدا سیستەمە.

ڕێزمان بناغە و پێکهێنەری زمانە، هەر بۆیە کەس ناتوانێ فێری زمانێك بێت ئەگەر فێری ڕێزمانی ئەو زمانە نەبێت. (widows on: ١٩٩٢ :٣٣٤)

ڕێزمان کاریگەری لەسەر پرۆسەی (بیستن و ئاخاوتن و خوێندنەوە و نووسین) هەیە. چونکە ئەگەر لە ڕێزمان هەڵە هەبوو، یان تێنەگەیشتن ڕوویدا، ئەوا پرۆسەی پەیوەندی کردن (communication) دەشێوێ و پارچە پارچە دەبێت. (savage: ٢٠١٠: ٢)

ئامانج لە خوێندنی بابەتی ڕێزمان لە چەند لایەنێکەوەیە، لەوانە:

١. ئامانج لە خوێندنی بابەتەکانی ڕێزمان، لەڕووی پەروەردەیی و ڕەوشکارییەوە فێربوونی زمان و ناسینی ڕواڵەتی وشە و ڕستەسازییە.

٢. خوێندنی ڕێزمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەییدا، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار لە کاتی نووسین و گفتوگۆدا بەهێز بێت و شارەزایی تەواوی لە زمانەکە هەبێت.

٣. ڕێزمان هۆیەکە بۆ پاراوی زمانی قسەکردن و نووسینەوە، وا دەکات مرۆڤ لە هەڵەی زمانی دوور بکەوێتەوە.

٤. ڕێزمان دەبێتە هۆی درووست بوونی ڕەوشێکی زمانی ڕاست و ڕەوان، کە بەهۆیەوە دەتوانین ڕستەی تەواو درووست بکەین، ئەمەش وا لە قوتابی دەکات لە کاتی قسەکردندا ڕابێت لەسەر دەربڕینی ڕاست و درووستی ڕستەکان، بەمەش قوتابی ڕادێت لەسەر بەکارهێنانی شێوازێکی ئەدەبی جوان.

٥. وردبوونەوە لە بابەتەکانی ڕێزمان دەبێتە هۆی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی بیر و هۆشی قوتابی. دیسانەوە ڕێزمان گەشە بە توانانی قوتابی دەدات لە شیکردنەوە و وردبینیدا.

٦. تێگەیشتنی بنەماکانی زمان و چۆنیەتی داڕشتن و ڕێکخستنی یاسانی ڕێزمانی زمانەکە دەبێتە بنەمایەك بۆ تیگەیشتن لە زمانەکانی تر. (تالیب حوسێن عەلی: ٢٠١٤: ٢٧٤– ٢٧٥)

لەسەرێکی ترەوە، ڕێزمان زمان لای قوتابیان دەوڵەمەند دەکات و وادەکات بابەتی ئەدەبی و هونەری لای خوێندکاران گەشە بکات. واتە گەشە بە چێژی ئەدەبی و هونەری قوتابیان دەدات.

هەرچەندە گەلێ ڕێگە هەن بۆ وتنەوەی وانەی ڕێزمان، کە دەبێت مامۆستا شارەزایی لەم ڕێگەیانە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت خوێندکاران بە ئاسانی بە بابەتی ڕێزمانەکە ئاشنا بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((ڕاستیەك هەیە و دەبێت هەموو باش بیزانین، ئەویش ئەوەیە کە هیچ ڕێگاو شێوازێکی وانە گوتنەوە بە تەواوی باش یان خراپ نیە بەڵکو هەریەکەیان باش و خراپی خۆی هەیە)). (کەریم شەریف قەرەچەتانی: ٢٠٠٨، ٣٠) واتە دەبێت مامۆستا ئاگاداری بابەت و قۆناغ و کاتی وانە گوتنەوەکە بێت و ئاستی قوتابیان بزانێت تاکو بتوانێت بەڕێگەیەك وانەکە بڵێیتەوە، کە قوتابیان لە کاتی باسکردنی بابەتەکە بە ئاسانی لە مامۆستاکەیان بگەن، ڕەنگە مامۆستا ڕێگەیەکی پێ باش بێت بەڵام بۆ خوێندکارەکانی قورس و گران بێت، جا لەبەر ئەوە مامۆستا دەبێت بە وریاییەوە کار لەسەر پلانی وانە گوتنەوەکەیدا بکات، گەرنا تووشی کێشە و گرفت دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی وانە گوتنەوە باش و خراپی خۆی هەیە واتە هیچ ڕێگەیەك نییە بێ کەموکوڕی بێت و تەواوبێت، چونکە زمان کەرەسەیەکی زیندووە

ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە گەشەو گۆڕان دایە، ڕەنگە هەندێ وشە لەم ڕۆژگارەدا پەیدابووبن و لەناو زمان گەشەیان کردبێت لە هەمان کاتدا ڕەنگە هەندێ وشەی تر هەبن لە سەردەمی ئەمڕۆ بەکارنەیەن و مردبن، جا ڕەنگە بۆ خوێندکاران ئەم وشانەی ئەمڕۆ بەکارنایەن تێگەیشتنیان قورس بێت، هەر بۆیە مامۆستای وانە پێویستە سوود لە سەرجەم ڕێگەکانی وانە وتنەوە وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت لە کات و ساتی خۆیدا.

ئەو ڕێگایانەی، کە ئێستا لە قۆناغەکانی خوێندن بۆ وتنەوەی ڕێزمان بەکاردێن، بریتین لە:

یەکەم: ڕێگەی بەر ئەنجامی: کتێبەکانی ڕێزمان لە کۆی قۆناغەکانی خوێندندا لەسەر ئەم ڕێگەیە دانراون، بە پێی ئەو ڕێگەیە، فێرخوازان لە شتی زانیار و دیار و سادەوە، دەچن بۆ شتی نەزانراو و نادیار و ئاوێتەوە، لە وشەو ڕستەوە، بۆ یاسا و دەستور دەڕۆن، ئەم ڕێگەش لە چەند هەنگاوێك خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:

١ـ خستنەڕووی سەرئەنجام: مامۆستا چەند ڕستەیە لەسەر بۆرد دەنوسێتەوە و باسیان لێوە دەكات.

٢ـ بەراوردکردن: مامۆستا داوا لە خوێندکاران دەکات نموونەکان بەراوردبکەن و لایەنە هاوبەشەکانیان دەست نیشان بکەن. وا باشترە مامۆستا ماجیکی ڕەنگاوڕەنگ بەکاربهێنێت.

٣ـ دەرهێنانی دەستور: بە مامۆستا و خوێندکاران دەستوورەکان دیاری دەکەن، بەڵام واباشترە زیاتر خوێندکارەکان ڕۆڵ ببینن، دەبێت هەمووان بەژداری پێ بکرێن، نەك هەر تەنیا زیرەکەکان.

٤ـ تاقیکردنەوە و ڕاهێنان: نموونەی تر دەهێنرێتەوە و بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا دەستوورەکەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

دووەم: ڕێگەی هربریت (ئیستقرائی): ئەم ڕێگەیە دەچێتەوە سەر ڕێگەی بەرئەنجامی، بەڵام (هربریت) هەنگاوێکی بۆ زیاد کردووە، کە هەنگاوی پێشەکی و پەیوەندییە، لەم ڕێگەیەدا سوود لە زانیارییە کۆنەکانی خوێندکار وەردەگیرێت و لەگەڵ زانیارییە نوێیەکان یەکدەخرێن.

سێیەم: ڕێگەی پێوەری: ئەم ڕێگەیە پێچەوانەی هەردوو ڕێگەکەی پێشوون، چونکە سەرەتا دەستور و یاساکان دەخرێنەڕوو، دواتر ڕستە و نموونەکان دەهێنرێنەوە و لەشتە نەزانراو نادیارەکانەوە دەچن بۆ شتی زانراو و دیار کە ڕستە و دەستەواژەکانن، ئەم ڕێگە وەك ڕێگەیەکی نەرێنی سەیر دەکرێت، چونکە پەروەردەییەکان دەڵێن هۆشی فێرخواز لە شتی ئاشکراو سادەوە بۆ پەنهان و ئاوێتە دەڕوات (بڕوانە: محمد محمود الحیله: ٢٠٠١).

## ٢ ـ ٣: گفتوگۆ Conversation:

گفتوگۆ هۆیەکە بۆ فێربوون و لە ڕێگەی گفتوگۆوە توانای زمانی بەهێز دەبێت، مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان زمان بەکاربهێنێت و گفتوگۆی پێ بکات، هەر بۆیە بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆ دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

٢ ـ ٣ ـ ١: گفتوگۆی گشتی.

٢ ـ ٣ ـ ٢: گفتوگۆی تایبەتی.

### ٢ ـ ٣ ـ ١: گفتوگۆی گشتی:

ئەم گفتوگۆیە شێوە گشتییەکەی لەخۆ دەگرێت کە هەموو مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنێت، هەر بۆیە گفتوگۆی گشتی ((بریتییە لە ووتەکردن لە شوێنەواری گشتی و خستنەکاری توانی زمان بۆ جێبەجێ کردن و ڕابینینی پێویستیەکانی ژیان)). (حەمە کەریم هەورامی: ٢٠١١، ١٥٩) واتە مرۆڤ هەر کە لە دایك دەبێت، دوای فێربوونی زمان دەکەوێتە ئەم دۆخەوە، ئەویش لە پێناو ژیانی ڕۆژانە و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو ناسینی خەڵکانی تر، بەم شێوەیە مرۆڤ گفتوگۆی گشتی لە کایەکانی ژیانیدا ئەنجام دەدات، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە ئەو لە دۆخی گفتوگۆی گشتی دایە.

**٢ ـ ٣ ـ ٢: گفتوگۆی تایبەتی:**

دیارە ئەم گفتوگۆیە، هەر بە ناوەکەی خۆیەوە تایبەتمەندی و شێوازی خۆی هەیە، هەر بۆیە گفتوگۆی تایبەتی ((بریتییە لەو دەربڕینە زاریەی کە ڕاستەوخۆ ئەبێتە هۆی پەروەردەکردنی قوتابی و ڕاهێنانی لەسەر دەربڕین)). (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠١١، ١٥٩) واتە ئەم گفتوگۆیە تایبەتە بە خوێندکار، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆژانە گفتوگۆ لەگەڵ هاوپۆلەکانی و مامۆستاکەیدا دەکات، بەم هۆیەشەوە ڕۆژانە وشەی نوێ و دەربڕینی زیاتر فێر دەبێت، ئاسۆی مێشکی فرەوان دەبێت، واتە ئەو بیرەی کە لەلای گەڵاڵە دەبێت، دەتوانێت دەری ببڕێت و بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان گوێ بکات.

دەتوانین گفتوگۆی تایبەتی بەم شێوەیە لە گفتوگۆی گشتی جیابکەینەوە، بەوەی کە بە گفتوگۆی تایبەتی پەروەردەیەکی دروست، زانستێکی نوێ و ئاخافتنێکی ڕەوان فێر قوتابی دەکرێت، کەچی گفتوگۆی گشتی، شتی نا پەروەردەیی زۆر لەخۆ دەگرێت و ڕاست و دروستەکان تێکەڵاوی یەکتر دەبن و شتێکی گشتی لەخۆ دەگرێت.

**٣ ـ ٤: تێگەیشتن Comprehension:**

تێگەیشتن بریتییە لەو چەمکەی کە مامۆستا لە کاتی وتنەوەی وانەدا بابەتەکەی بگەیەنێتە مێشکی خوێندکار، ئەمە بە بەرهەمی وانەکە دادەنرێت، هەر بۆیە گرنگترین خاڵ کە مامۆستا پێویستە بیگەیەنێت تێگەیشتنە، چونکە گەر تێگەیشتن ڕوونەدات ئەوا ئامانجەکە ناپێکێت، کەواتە ((ئەم ئاست و ئامانجە تایبەتە بە وەرگرتن و تێگەیشتنی بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن)). (کەریم شەریف قەرەچەتانی: ٢٠٠٨، ٤١) هەر بۆیە تێگەیشتنی بابەتی وانەکە بۆ قوتابیان لای مامۆستا زۆر گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئاستی تێگەیشتن لە خوێندکارێکەوە بۆ خوێندکارێکی تر جیاواز بێت، خوێندکارێك بە ئاسانی لە بابەتێك بگات و خوێندکارێکی تر پێویستی بە چەندین جار دووبارەکردنەوەی وانەکە بێت تاکو تێ بگات، هەر بۆیە ((لەناو سەدان ملیۆن کەس دا مەحاڵە دوو کەس بە تەواوی وەکو یەك بدۆزینەوە، هەرەندە هەندێ جار دوو برا یان دوو منداڵی جمك لەزۆر ڕووەوە لەیەك دەچن، بەڵام لەیەك چوونەکە سەددا سەد نییە و زۆر شت لە یەکیان جیا دەکاتەوە، لەوانە ڕادەی بیرو بۆچوون و زیرەکی و پلەی تێگەیشتن دەگرێتەوە)). (حەمە سالح فەرهادی: ٢٠٠٦، ١٠٦) کەواتە لێرەدا ئەوەی دوو کەسی لەیەکچوو لە یەکتر جیادەکاتەوە ڕادەی تێگەیشتنە، کە هەرگیز دووکەس بە درێژایی مێژوو وەکو یەك بیرناکەنەوە و وەکو یەکیش تێگەیشتینان لە بابەتێك نابێت.

هەر بۆیە پەروەردەکاران هەستیان بەم جیاوازییەی تێگەیشن کردووە و هۆکارەکەشیان بۆ سێ خاڵ گەڕاندۆتەوە:

یەکەم: بۆ ماوەیی (الوراپە):

بۆ ماوەیی زیاتر پەیوەندی بەلایەنی جەستەیی مرۆڤ و لایەنی زیرەکی مرۆڤەوە هەیە، کە ئەم دوو لایەنە لە ڕێگەی بۆ ماوەییەوە دەستەبەر دەبن، پەیوەندی بە باب و باپیرانییەوە هەیە.

دووەم: ژینگە (البیئە):

ژینگەش لەڕووی تێگەیشتنەوە کاریگەری خۆی هەیە، بۆ نموونە گەر دوو منداڵی جمك، یەکێکیان بنێرینە فەرەنسا ئەویتریشیان لە عێراق بێت، بەهۆی جیاوازی کەش و هەوای ئەم دوو وڵاتە و جیاوازی ئابووری و کەلتوور و جیاوازی هەڵسوکەوت و پەروەردە و فێربوونیان، دەبینین ئەم دوو منداڵە لە زۆر ڕووەوە لە یەکترییەوە جیاوازن.

**سێیەم: ڕەگەز (الجنس):**

بەهەمان شێوەی دوو خاڵەکەی تر، ڕەگەزیش کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی تێگەیشتن، واتە ((جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کوڕ و کچدا هەیە، هەرچەندە بەرەو گەورە بوونیش بچن جیاوازییەکە زیاتر بەدیار دەکەوێ)) (حەمە ساڵح فەرهادی: ٢٠٠٦، ١٠٧) واتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە سەرەڕای هەبوونی جیاوازی تێگەیشتن لە نێوان نێر و مێدا، جیاوازی تاکیش لە تێگەیشتندا هەیە، واتە کاتێك مامۆستا وانە دەڵێتەوە ئاستی تێگەیشتن لە قوتابییەکەوە بۆ قوتابییەکی تر جیاوازە.

**٣ ـ ٥: فیدباك Feed Back:**

فیدباك ڕێگەیەکە، لە ڕێگەکانی فێربوون و خوێندن و پەروەردەدا، کە مامۆستا دەتوانێت بەم ڕێگەیە قوتابیان تاقیبکاتەوە و ئاستی زیرەکی و تەمبەڵیان بزانێت، هەر بۆیە زانایانی بواری پەروەردە، گەڵێ پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ فیدباك کردووە، کە هەندێکیان لەو بڕوایەدان فیدباك بریتییە لەو زانیاری و وەڵامانەی کە بە فێرخواز دەدرێت دەربارەی دەرئەنجامی کار و چالاکیەکانی. (کەریم شەریف قەرەچەتانی: ٢٠٠٨، ١٩٩) مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەی وەڵام و کارو چالاکییەکانی خوێندکار دەرئەنجامی ئەو بابەتە بزانێت، کە لەکاتی وانە وتنەوەدا پێی داون.

بەم شێوەیە مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگەی فیدباکەوە ئەنجامی ماندووبوونەکەی بزانێت و ئاشنابێت بە ڕادە و ئەندازەی تێگەیشتنی قوتابیان لە وانەکە، بەهۆیەوە دەزانێت تا چەند ئامانجەکەی پێکاوە و قوتابیان سودیان لێی بینیوە. هەر بۆیە فیدباك هۆیەکی فێرکردنە. لەسەرێکی ترەوە فیدباك هاندەرێکیشە بۆ کۆکردنەوەی مامۆستا و قوتابیان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتانەی خوێنراون، بەمەش هەردوو لا بە ئامانج و دەرئەنجامەکان ئاشنا دەبن. بە پێچەوانەشەوە، دەگونجێ قوتابیان فیدباك بۆ مامۆستاکەیان بکەن و کەموکوڕی و خاڵی لاوازی مامۆستا دیاریبکەن و مامۆستای لێ ئاگادار بکەنەوە.

**٣ـ ٦: ئەرکی ماڵەوە:**

ئەرکی ماڵەوە یەکێکە لە ئەرکە پەروەردەییەکان کە تیایدا خوێندکار لە دەرەوەی خوێندنگاکەیدا ئەرکەکە جێبەجێ دەکات، ئەمەش وا دەکات کە خوێندکار زیاتر لە ماڵەوە خەریکی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی خوێندن بێت، کە مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوەدا پێی دەسپێرێت، هەر بۆیە بەم شێوەیە پێناسەی ئەرکی ماڵەوە کراوە، کە ((یەکێکە لە چالاکیەکانی فێرکردنی ئاراستەکراو کە تیایدا پێویستە قوتابی بە چێژوو حەز و ئارەزووەوە کاربکات و جێبەجێیان بکات و ڕێنماییەکانی مامۆستا ئەنجام بدات)). (زنون یونس شمس الدين و ئەوانی تر: ؟ ، ١٥) هەر لەبەر ئەوەشە ئەرکی ماڵەوە گرنگی خۆی هەیە، بەوەی وانەکان بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە، واتە وانەی پێشوو لەگەڵ وانەی داهاتوو تێك هەڵکێش دەکات و خوێندکار لە ماڵەوە خەریکی وانەکانی خۆی دەبێت و زیاتر تێیان دەگات، ئامادەباشی لەلای دروست دەبێت، کە هەر کاتێك مامۆستا پرسیارێکی لێ کرد دەتوانێت یەکسەر وەڵامی بداتەوە، یاخود لەکاتی تاقیکردنەوەدا کاتێکی زۆری بۆ بگەڕێتەوە بەوەی، کە ڕۆژانە وانەکانی خۆی خوێندووە و بە باشی لێیان تێ گەیشتووە، یاخود لەبەری کردووە، ئەمەش وادەکات لە کاتی تاقیکردنەوەدا تووشی دڵەڕاوکێ نەبێت و بە ئاسانی وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە ئەمەش وا لە خوێندکار دەکات، کە لە دەرەوەی خوێندنگاش هەست بە ئەرکی خوێندنی خۆی بکات و بەرنامەسازیەك بۆ خوێندنەکەی لە ماڵەوە بکات، هەر بۆیە ئەم جۆرە ئەرکە پەروەردەییانە، کە بۆ مەبەستی فێرکردن بەکاردێت وەنەبێت تایبەت بێت بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن بەڵکو سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاکو زانکۆ بگرە خوێندنی باڵاش. (حەمە ساڵح فەرهادی: ٢٠٠٦، ٤٨) واتە قۆناغی ئامادەیش یەکێکە لەم قۆناغانەی خوێندن، کە تیایدا خوێندکار پێی

تێدادەپەڕێت، بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی ماڵەوە بەشێکە لە ئەرکەکانی خوێندکار، کە بەو هۆیەوە توانای زاڵبوونی بەسەر بابەتەکانی خوێندن زیاتر دەبێت، واش لە خوێندکار دەکات، کە کاتەکانی خۆی چۆن لە دەرەوەی خوێندنگا و قوتابخانە دابەش بکات و کات بەفیڕۆ نەدات و هەست بەلێ پرسینەوە بکات.

**٣ ـ ٧: وانەیەکی ڕێزمان لە قۆناغی ئامادەییدا:**

هەروەك لە پێشووتر ئاماژەمان پێکرد، گەلێ ڕێگە هەن بۆ گوتنەوەی ڕێزمان، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لەم ڕێگەیانە بێ کەم و کوڕی نییە، هەر بۆیە مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوەدا دەبێت ڕەچاوی بارودۆخ و کات و سات و شوێنی وانە وتنەوەکەو ئاست و قۆناغی قوتابیان بکات، هەر لەبەر ئەوەشە ئێمە لەو بڕوایەداین، کە پێویستە مامۆستا بۆ فێربوونی خوێندکاران لە کاتی وانە وتنەوەکەیدا سوود لە سەرجەم ڕێگاکانی وانە وتنەوە وەرگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە وانە وتنەوەکەیدا سەرکەوتوو بێت و ئامانج بەدەست بهێنێت، بەڵام دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین مامۆستا دەبێت ئاگای لە دانانی پرۆگرامی خوێندنەکە بێت، کە بە چ شێوەیەك و لەسەر چ جۆرە پلانێك دانراوە، هەر بۆیە وانەی ڕێزمانی ئامادەیی بە پێی ئەو پلانەی کە هەیە بۆ خوێندن تاکو ئێستا ((باشترین ڕێگا لە گوتنەوەی ڕێزماندا ڕێگای بەرئەنجامی یە (الگریقە الاستقرائیە)[1]، ئەم ڕێگایە بە هەنگاوێك جێ بەجێ دەکرێت، کە لەگەڵ ڕێگای (هربرت)[2] یەك دەگرنەوە)). (حەمە کەریم هەورامی و ئەوانی تر: ٢٠٠٥، ٧٣) ئێمەش لە گوتنەوەی وانەیەکی ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی پەیڕەوی ڕێگەی هربرت دەکەین لەبەر ئەوەی بە پێی ئەو پلانەی کە ڕێزمانی کوردی پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی پێ دانراوە، ئەم ڕێگەیە بە باشترین و سەرکەوتووترین ڕێگە دەزانین، کە ئەلبەتە ئەم ڕێگەیەش لە کەم و کوڕی بەدەرنییە. ڕێگەی هربارت لەسەر ئەم پێنج پلەیە دامەزراوە: پێشەکی، خستنەڕوو، بەراوردکردن یان پەیوەندی کردن، هەڵهێنجان و دەرهێنانی دەستوور، ڕاهێنان. (حەمە کەریم هەورامی: ٢٠١١، ٢٣٨)

بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| پۆل: دوازدەهەمی ئامادەیی | مادده: ڕێزمانی کوردی |
| وانەی سێیەم | بابەت: کار بەپێی ناوەڕۆك |
| ڕۆژی: / / ٢٠ | ٣ـ شێوازی ڕێژەی دانان |

٣ ـ ٧ ـ ١: پێشەکی:

مامۆستا پێویستە بابەتی پێشووی ئەو وانەیە بە بیری خوێندکار بهێنێتەوە، ئینجا ئەم بەبیرهێنانەوەیە بەخۆی بۆیان باس بکات یان لەڕێگی پرسیارەوە بیری خوێندکاران بوروژێنێت تاکو بتوانێت باس لەوانەی نوێ بکات یاخود خوێندنکارەکان ئامادە بکات بۆ وەرگرتنی وانەی نوێ، بۆ نموونە مامۆستا دەتوانێت پرسیار لە خوێندکاران بکات و بڵێت: شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن چییە و چۆن دروست دەبێت ئینجا لەڕێگەی وەرگرتنی چەند وەڵامێك لە خوێندکاران دەتوانێت جموجۆڵێك لەنێو خوێندکاران دروست بکات و شتێکیان لەوانی پێشوو بەبیربهێنێتەوە. یان دەگونجێ مامۆستا ڕووی خۆی بەرامبەر خوێندکاران بکات و بڵێت وانەی پێشوو، کە تیایدا ڕاهێنانیشمان شیکارکرد شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن ئەوەیە، کە (هەندێ ڕێژەی کار بۆ خەبەردان ڕاستەوخۆ لەکاو حاڵی کەسێك یان شتێك

---

[1]- ڕێگەی بەدواگەڕان یان هەڵێنجان)یش پێ دەگوترێت.

[2]- هربارت لایوهان فردریك لەساڵی (١٧٧٩ ـ ١٨٤١) لە شاری ئولونبرگ لە ئەڵمانیا لەدایك بووە.

بەکاردەهێنرێت و گومان لەوەدا نییە، کە کارەکە گەیشتووەتە ئەنجام یان نەگەیشتووە، بەم ڕێژانەی کار دەگوترێت (شێوازی ڕاگەیاندن)[1].

دەکرێت جۆرەکانی ڕێژەی کاری ڕاگەیاندن لەگەڵ هەندێك نموونەش بخرێتەڕوو بۆ نموونە لە چاوگی (کردن) ئەم ڕێژانە دروست دەبن:

- ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن: (کرد) بە لابردنی نونی چاووگ.
- ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن: (کردووە) بەزیادکردنی نیشانەی (وە، ووە) دروست دەکرێت.
- ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن: (کردبوو) بەزیادکردنی نیشانەی دوور (بوو) دروست دەکرێت.
- ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن: (دەکرد) نیشانەی (دە) لەبەردەمی دادەنرێت.
- ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن: دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو = دەکەم

بەم شێوەیە مامۆستا لە پێشەکی وانەکەیدا، دەتوانێت وانەی پێشوو بەبیر خوێندکارەکانی بهێنێتەوە و لە یادگایاندا بچەسپێنێت.

### ٣ ـ ٧ ـ ٣: *خستنەڕوو*:

دوای تەواوبوونی پێشەکی، مامۆستا دێتە سەرخستنەڕوو، مەبەستیش لە خستنەڕووی بابەتی نوێیە، جا مامۆستا ناو و ناونیشانی بابەتە نوێیەکەی ڕێزمان لەسەر تەختەکە دەخاتەڕوو، بۆ نموونە ناونیشانەکە بە تۆخ و دیار لەسەر ناوەڕاستی وایت بۆردەکە دەنووسێت وەکو کار بەپێی ناوەڕۆك (شێوازی ڕێژەی دانانی) پاشان مامۆستا داوا لە خوێندکاران دەکات یاخود پرسیاریان لێ دەکات، مەبەستمان چییە لە شێوازی ڕێژەی دانانی؟ کێ دەتوانێت نموونەیەك یاخود ڕستەیەکمان بۆ بهێنێتەوە؟ مامۆستاش لە کاتی پرسیارکردن هاوکاری و یارمەتی دەری خوێندکاران دەبێت بۆ گەیشت بە مەبەست و ئەنجامی بابەتەکە، پاش ئەوەی کۆمەڵێك نموونە و ڕستە لە بارەی (شێوازی ڕێژەی دانانی) لەسەر تەختە سپیەکە نووسرا، هەڵبەتە هەندێ لەم نموونە و ڕستانە تەواون و هەندێکیشیان ناتەواون، جا بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك، مامۆستا لەگەڵ خوێندکارەکاندا هەڵدەستێت بە بەراوردکردنی نموونە و ڕستەکان.

### ٣ ـ ٧ ـ ٣: بەراوردکردن یان پەیوەندی کردن:

لە قۆناغی بەراوردکردندا، مامۆستا دوای ئەوەی نموونە و ڕستەکانی لە بارەی (شێوازی ڕێژەی دانانی) لەسەر تەختە سپیەکە نووسی، داوا لە خوێندکاران دەکات، ئەو نموونانە بەراوردبکەن بزانن کامیان ڕاستن و کامیان هەڵەیە، بۆ نموونە:

أ ـ بریا نانەکەت خواردبا.

ب ـ ڕەنگە لە ژوورەکە خەوتبێتن.

ج ـ ئەو ناخوێنێت.

مەبەست لە دیاریکردنی نموونە ڕاست و هەڵەکان بۆ ئەوەیە، کە مامۆستا بە تەواوی بتوانێت سەرنجی خوێندکاران بۆ بابەتەکە ڕابکێشێت، بە مەبەستی گەیشتن و هەڵێنجانی دەستووری بابەتەکە، دەکرێت لەم قۆناغەدا مامۆستا هەندێ نموونەی دروست بخاتە بەردەستی خوێندکاران بۆ ئەوەی خوێندکارانیش بتوانن لەسەر ئەم ڕستە دروستانەی مامۆستا هەندێ ڕستەی تر بهێنەوە.

---

[1] - ئەم پێناسەیە لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی، دوانزهەمی ئامادەیی، چاپی پێنجەم (٢٠١٠) چاپخانەی المستقبل ـ لوبنان، ل ١٥) وەرگیراوە.

**٣ ـ ٧ ـ ٤: هەڵێنجان و دەرهێنانی دەستور:**

لەم قۆناغەدا، مامۆستا دەبێت بگاتە ئەوەی، کە سەرنجی خوێندکاران بە تەواوی بۆ لای بابەتەکە ڕابکێشێت، واتە لەم قۆناغەدا مامۆستا لەگەڵ خوێندکارەکانی دەبێت چوارچێوەی بابەتەکەیان داڕێژتبێت و تاکو بەیەکەوە بتوانن دەستوری بابەتەکە هەڵبهێنجن، بەڵام دەبێت یاساکان ڕوون و سنورداربن، هەروەها دەبێت یاساکان بە سادە و ساکاری بخرێنەڕوو، لێرەدا دەبێت خوێندکاران بزانن شێوازی ڕێژەی دانانی چییە و پێناسە و یاساکانی چین، واتە شێوازی ڕێژەی دانانی (ئەو ڕێژەیەی کارەکە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵە کە دەیداتە پاڵ کەسێك یان شتێك نایدات بەدەستەوە، بەڵکو لە شێوەی گومان، ئارەزوو، ئاوات، یان مەبەستدا، واتاکەی دەردەکەوێت)[1].

دواتر دەکرێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە جۆرەکانی شێوازی ڕێژەی دانانی بەم شێوەی خوارەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە جۆرەکان لە چاوگی (گرتن) دروست دەکەین.

١- ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی:

ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + با = گرتبا

٢- ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی:

ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بێت = گرتبێت

٣- ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی:

ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن + با = گرتبووبا

٤- ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی:

بـ + ڕەگی کار + جێناوی لکاو

بـ + گر = م = بگرم

بەم شێوەیە (شێوازی ڕێژەی دانانی) لەگەڵ هەندێ تێبینی و سەرنجی تری خوێندکاران و مامۆستا بابەتەکە بە تەواوی ڕوون دەبێتەوە و خوێندکاران دەگەنە قۆناغی تێگەیشتن، بەڵام بۆ چەسپاندن و سەلماندنی بابەتەکە مامۆستا پێویستە ڕاهێنان بە هاوکاری خوێندکارەکانی لەسەر تەختە سپیەکە شیکاربکات تاکو هیچ گومانێك لای خوێندکاران یاخود پرسیارێك نەمێنێتەوە.

**٣ ـ ٧ ـ ٥: ڕاهێنان:**

ڕاهێنان دوا قۆناغی بابەتە نوێیەکەیە، واتە دەتوانێت بە ڕاهێنان بڵێین ئەنجام، چونکە لەم قۆناغە هیچ گومان و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە بابەتەکە نامێنێتەوە، ڕەنگە ئاستی تێگەیشتن لەخوێندکارێك بۆ خوێندکارێکی تر جیاوازبێت، ئینجا مامۆستا داوا لە خوێندکاران دەکات، کە یەکێك هەڵسێت، ڕاهێنانێك شیکاربکات، بۆ نموونە:

پ/ ئەم کارانە سەر بە چ ڕێژەیەکن لە شێوازی دانانیدا: (پاراستبا، هاتبا، گەیاندبووبا، ئاگادارکردبێتەوە، بخوازێت).

و/

| ژ | شێوازی ڕێژەی کاری دانانی | جۆرەکەی (ڕێژەکەی) |
|---|---|---|
| ١ | پاراستبا | ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی |
| ٢ | هاتبا | ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی |
| ٣ | گەیاندبووبا | ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی |

[1]- لە کتێبی (زمان و ئەدەبی کوردی، دوانزهەمی ئامادەیی، چاپی پێنجەم (٢٠١٠) چاپخانەی المستقبل ـ لوبنان، ل ٣١) وەرگیراوە.

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | ئاگادارکردبێتەوە | ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی |
| ٥ | بخوازێت | ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی |

جا لە کۆتایی وانەکەدا، مامۆستا دەتوانێت ڕاهێنانەکانی وەکو ئەرکیماڵەوە بە خوێندکاران بسپێرێت یاخود گەر ڕاهێنانەکانیش تەواوبووە، دەتوانێت بابەتی نوێ واتە ئەو بابەتەی لەدوای ئەم بابەتە تازە خوێندرایەوە دێت وەکو ئەرکی ماڵەوە بدات بە خوێندکارەکانی تاکو لەوانەی داهاتوودا بەهەمان شێوە بتوانن وانەی نوێ وەربگرن و بخوێنن.

وا باشتریشە مامۆستا بەهاوکاری خوێندکاران لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، هەندێ پرسیاری وەزاری ساڵانی ڕابردوو شیکاربکات.

## ئەنجام و پێشنیازەکان

١ـ ڕێزمان، زمان و ڕێنوسی قوتابیان بەرەو دروستی و ڕاستی دەبات لە هەڵە و چەوتی دووریان دەکاتەوە، چونکە ڕێزمان هۆکارێکە بۆ فێرکردنی دەربڕین و نووسینی دروستی زمان.

٢ـ سەیرکردنی وانەی زمانی کوردی وەکو وانەیەکی سەرەکی لە قۆناغی ئامادەییدا، وا لە خوێندکار دەکات زمانی نەتەوەی لا خۆشەویست بێت.

٣ـ وانەی زمانی کوردی پێویستی بە پلان هەیە، مامۆستا دەبێت پلانی هەبێت بۆ وانە گوتنەوە و دەبێت ئاگاشی لە پرۆگرامی خوێندن و ئەو قۆناغەی خوێندکار تێیدایە، هەبێت.

٤ـ گفتوگۆ تەوەرێکی تری سەرەکی فێرکردنە، کە دەبێت لە نێوان مامۆستا و خوێندکار یاخود خوێندکاران ئەنجامبدرێت.

٥ـ تێگەیشتنی قوتابی لە مامۆستا ئامانجی سەرەکی وانەکەیە، ئەگەر ئەم تێگەیشتنە ڕوونەدا، ئەوا بە وانەیەکی سەرکەوتوو دانانرێت.

٦ـ ڕێگاکانی وانە وتنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێت، بۆیە دەبێت مامۆستا قۆناغ و ژینگە لەبەرچاو بگرێت.

٧ـ لەناوەندەکانی خوێندن ڕۆژنامە دەربکرێ، کە تیایدا قوتابیان بابەتی زانستی و ئەدەبی و زمانی بڵاوبکەنەوە، واتە قوتابی و خوێندکار بابەتی لەم ڕۆژنامەدا هەبێت.

٨ـ کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ مامۆستاو خوێندکاران.

٩ـ سازکردنی سیمینار لەناوەندەکانی خوێندن.

١٠ـ قوتابی هانبدرێت بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەی هەمەڕەنگ.

١١ـ دروستکردنی پێشبڕکێ لەسەر بنەمایەکی زانستی.

١٢ـ مامۆستا هەوڵبدات لەکاتی وانە وتنەوەدا، بابەتەکەی بە شتی زیندوو و سەردەمی ببەستێتەوە و پەیوەستی بکات بە کات و شوێن و ژینگەوە.

١٣ـ چوارچێوەیەکی گشتی ورد بۆ خوێندنی زمان و ڕێزمانی کوردی دابنرێت، چەمك و بابەتەکانی ڕێزمانیش کەم بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بەجوانی ڕوونبکرێنەوە.

١٤ـ ناڕێکی لە زنجیرەی برگە و بابەتەکانی خوێندنی ڕێزماندا هەیە، پێویستە ئەم ناڕێکییە نەهێلرێت و لەسەر شێوازێکی نوێ ڕێکبخرێنەوە.

١٥- وا باشترە، لە هەموو بابەتێکی ڕێزماندا، مامۆستا کێشەیەکی زانستی دروست بکات، ئینجا بە مامۆستا و خوێندکاران کێشەکە چارەسەر بکەن.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


١- ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٣)، خوێندن بەزمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا و کاریگەری لەسەر دروستکردنی جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوایەتی، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی ((پەروەردە ، میدیا))، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢. تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٣- جواد نیعمەت (٢٠١٢)، هونەری وانە وتنەوە، و: جمیل قادر عبدالله، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، هەڵەبجەی شەهید.

٤- حەمە ساڵح فەرهادی (٢٠٠٦)، ٣٠ بابەتی پەروەردەیی، و: حەمە ساڵح فەرهادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥- حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی (١٩٧٠)، بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر.

٦- حەمە کەریم هەورامی، شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، سەکڤان جەمیل محەمەد (٢٠٠٥)، ڕێگاکانی وتنەوەی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ارام، بەغدا.

٧- حەمە کەریم هەورامی (٢٠١١) بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاپلار.

٨- ڕەفیق شوانی (٢٠٠٨)، زمانی کوردی شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٩- زنون یونس شمس الدین، خسرۆ عزیز نوری، عبدالستار عیمان اسماعیل (؟)، ڕێگا گشتییەکانی وانە گوتنەوە، سەرپەرشت کردنی: زەیتۆ فاچل یونس، وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان.

١٠- سادق ئەحمەد عوسمان (٢٠١٤) ، ڕێزمانی کوردی لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی کۆن و نوێدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، هەولێر.

١١– سولاڤ فائق شەمەیی (٢٠٠٩)، شێوازە گشتییەکانی وانە وتنەوە، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

١٢- عەبدولوەهاب خالید موسا (٢٠٠٩)، هێزو ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣- کەریم ئەحمەد عەزیز (٢٠١٤)، بنەما گشتییەکانی ڕێگاکانی وانە وتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

١٤- کەریم شەریف قەرەچەتانی (٢٠٠٨)، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

١٥- کۆمەڵێك زمانەوان (٢٠٠٩) مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، و: محەمەدی مەحوی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٦- لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١٠)، پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی المستقبل، لوبنان.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١٧ـ شحدة فارع، جهاد حمدان، موسى عمايرة، محمد العنانى (٢٠٠٣) مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثانية، دار وائل للنشر، عمان، الاردن.

١٨ـ عبدالرحمن عبدالسلام جامل (٢٠٠١)، طرق التدريس العامة، الطبعة الثالثة، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

١٩ـ محمد محمود الحيلة (٢٠٠١)، طرائق التدريس واستراتيجياته، ط١، دار الكتاب الجامعى، العين، امارات العربية المتحدة.

**سێیەم: بە زمانی فارسی**

٢٠ـ على اكبر سيف (١٣٨٣)، روان شناسى تربيتى، چاپ دوازدهەم، دانشگاه پيام نور، ايران.

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**

٢١-savage, k.I. and etal(٢٠١٠), Grammar Matters: teaching grammar in adult EsL programs, Cambridge university press.

٢٢.Widowson,H.G (١٩٩٢), ELT and EL teachers, English teaching Journal , Cambridge university.

## پوختەی لیکۆڵینەوەکە

ئەم باسە لە ژێر ناونیشانی ( شێوازی گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی ـ قۆناغی ئامادەیی بە نموونە، ڕێزمـان بـە تایبەتی) دایە، کە تیایدا باس لە شێوازی وانە گوتنەوەی زمانی کوردی لـە ناوەنـدەکانی خوێنـدن کـراوە، چـونکە لـە ئێستادا وانەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردسـتاندا، وانەیـەکی سـەرەکییە و پێویسـتە بایـەخی تـەواوی پێبـدرێت و هەموو لایەك لە شێوازی وانە گوتنەوەیدا ئاگادار بین، تاکو باشترین و ئاسانترین ڕێگە و هۆکـاری فێربـوون هەڵبـژێرین بۆ گەیاندنی مەبەست.

ێکۆڵینەوەکـە لـە دوو بەشـی سـەرەکی و چـەند ئـەنجامێك و پێشـنیازێك و لیسـتی سەرچـاوەکان و پوختـەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا، باسمان لەم بابەتانە کردووە: زمان، خوێندنەوە، نووسین، نێوانJuncture، وانە گوتنەوەو ڕێگاکانی، هۆکارەکانی فێربوون.

لە بەشی دووەمیشدا، باسمان لەم بابەتانـە کـردووە: وانـەی زمـانی کـوردی، کـات و شـوێن و گرنگیـان لـە وانـە گوتنەوەدا، هۆیەکانی وانە گوتنەوە، ڕێزمان، گفتوگۆ، تێگەیشتن، ڕەگەز، فیدباك. لە پاشانیشدا شـێوازی گوتنـەوەی وانەیەکی ڕێزمانی کوردی لە قۆناغی ئامادەیی خراوەتەڕوو.

**الملخص**

تناول هذه الدراسة والتي بعنوان (طرق تدريس اللغة الكردية ـ المرحلة الاعدادية كعينة والقواعد بصورة خاصة) طرق تدريس اللغة الكردية في مراكز التعليم لكون مادة اللغة الكردية من المواضيع الرئيسية في اقليم كوردستان ولهذا يجب ان تنال تدريس اللغة الكردية اهتماما كبيرا تجعل الكل مطلعا على هذه الطرق التدريسية، هكذا اذا، يمكن ان تختار الاسهل والافضل لكي نحقق الهدف، ان هذا البحث يتكون من جزئين اساسيين بالاضافة الى عدة نقاط مستنتجة وكذلك المقترحات المقدمة بجانب قائمة المصادر التي تسبق الملخص باللغتين العربية والكردية.

الجزء الاول عبارة عن عدة مواضيع ك (اللغة القراءة، الكتابة، الوسط، التدريس وطرقها واسباب التعليم).

يشير الجزء الثاني الي (تدريس اللغة الكردية، الوقت، المكان واهميتهما في التدريس، اسباب التدريس، النحو، الحوار، الاستيعاب، الجنس، التغذية الراجحة) واخيرا الى طريقة تدريس احدى دروس نحو اللغة الكردية في المرحلة الاعداية.

## Abstract

This study which is entitled "Methods of Teaching Kurdish Language-Preparatory Stage as a Sample, Grammar in Particular" comes across the methods of teaching Kurdish language in the education centers since Kurdish lesson is currently an essential topic in Kurdistan region and it is necessarily required to receive an adequate attention. Likewise, every one is to be familiar with such methods of teaching so that the best and the easiest ways and factors can be selected to reach the goal.

The research is composed of two essential parts in addition to the conclusions and suggestions besides the list of references followed by both Arabic and Kurdish abstracts.

The first part includes language, reading, writing, juncture, teaching and its methods, and the causes of learning. In the second part, there is a reference to Kurdish language teaching, time, and place and their importance in teaching, reasons of teaching, grammar, dialogue, comprehension, gender, feedback, and finally a method of teaching one of the lessons of Kurdish grammar in preparatory stage.